# لە "خودا"وە بۆ "کاڵا"

زەردەشت نورەدین

دەرکەوتنی فۆیەرباخ خاڵی وەرچەرخان بوو لە فەلسەفەی ئەڵمانیدا کە پوکانەوەی ئایدیالیزمی ئەڵمانیی بەشوێن خۆیدا هێنا و هاوکات بووە هۆی بوژانەوەی ماتریاڵیزم. فۆیەرباخ ئەگەرچی قوتابیی هیگڵ بوو بەڵام هەر زوو دەستبەرداری هزری هیگڵ بوو و وەک یەکێک لە هیگڵییە چەپەکان ڕەخنەی میراتی هیگڵی کرد. ئەنگڵس ئاماژەی پێدەدات گرنگیی فۆیەرباخ لەوەدا بوو کە جارێکی تر ڕۆحی کردەوە بەبەر ماتریاڵیزمدا. مارکس و ئەنگڵس بەقووڵی کەوتنە ژێر کاریگەریی فۆیەرباخەوە بەڵام دواتر بەقووڵیش ڕەخنەیان کرد و پێیانوابوو فۆیەرباخ کاتێک لەسەر مێژوو قسەدەکات ماتریاڵیست نییە و کاتێکیش لەسەر ماتریاڵیزم قسەدەکات مێژوویی نییە. لەم پنتەوە ئاسۆی فەلسەفیی ماتریاڵیزمی دیالەکتیک کرایەوە.

لێرەدا قسە لەسەر فەلسەفەی فۆیەرباخ یان خودی فۆیەرباخ بەگشتی ناکەین و تەنانەت لەسەر فەلسەفەی فۆیەرباخیش ڕاناوەستین. ئەوەی لێرەدا دەیکەین پیادەکردنی جۆرێکە لە ئاناکرۆنیزمی پێچەوانە بەو مانایەی لەجیاتیی ئەوەی تێزەکانی فۆیەرباخ بهێنین بۆ ئەم سەردەمە کە سەرمایەدارییە ئەوا سەرمایەداری دەخەینە ناو هەندێ لە تێزە فەلسەفییەکانی فۆیەرباخەوە و جارێکی تر تێزەکانی دادەڕێژینەوە و دەرەنجامگیریی نوێی لێدەکەین. ئەم کارەش لەگەڵ فەلسەفەدا زیاتر لە هەموو شتێکی تر شیاوترە. لەبەرئەوەی وەک هیگڵ ئاماژەی پێدا باڵندەی فەلسەفە کاتێک لە شەقەی باڵ دەدات کە ڕۆژی ڕووداوەکان، کۆتایی هاتبێت و شەوی لێکدانەوە لە دەرکەوتندا بێت. لەم مانایەدا فەلسەفە هەمیشە ڕووی لەدواوەیە و بەرەو دواوە ئاوڕدەداتەوە. ئەمەش ئەو خاڵەیە کە دەشێت بە دواکەوتنی فەلسە بەرانبەر سیاقی خۆی دابینێین. بەو مانایەی فەلسەفە دەشێت هەمیشە لەسەر ڕابڕدوو قسە بکات. هەرچەندە دواتر لە مارکسیزمدا گۆڕان بەسەر فەلسەفەدا دێت.

فۆیەرباخ پێیوابوو چاخی مۆدێرن بەگشتی و فەلسەفەی مۆدێرن بەتایبەتی بە ئاراستەی بەمرۆڤانەکردنی خودا کاریکردووە و خودای لە بوونێکی ئەبستراکت و هەستپێنەکراوەوە گۆڕیوە بۆ بوونێکی هەستپێکراو و دەرکەوتوو لە سیفەتە مرۆییەکاندا. بەم پێیەش عیسا دواوێستگەی ناونیشی خودایە لە مرۆڤدا و بەمرۆڤبوونی خودایە و فەلسەفەی مۆدێرنیش بەقووڵی بەم ئاراستەیەدا کاریکردووە. بۆ فۆیەرباخ، لوتکەی فەلسەفەی مۆدێرن هیگڵە کە لەرێگەی فەلسەفاندنی ئەندێشەئاسا[1]وە بوونی پەتیی کردووە بە ئۆبێکت و بابەتی فەلسەفاندن کە خودایە. بەم پێیەش خودا ناونشین دەبێت و لە فەلسەفەی مۆدێرندا دێتەدی. لە بنەماکانی فەلسەفیی داهاتوودا دەڵێت: "وەزیفەی چاخی مۆدێرن، هێنانەدی و بەمرۆڤانەکردنی خودا بوو – گۆڕین و توانەوەی تیۆلۆژیا و خواناسی [بوو] بۆ مرۆڤناسی".

کەڵکەڵەی سەرەکیی فۆیەرباخ گۆڕینی خواناسی بوو بۆ مرۆڤناسی، ئەویش بەو مانایەی کە ئەو سیفەت و خەسڵەتانەی کە بە خودا دراوە، ئەوە لە بنەڕەتدا خەسڵەت و سیفەتی مرۆڤانەن و هی مرۆڤن بەڵام لە پرۆسەیەکی مێژووییدا کە پرۆسەی نامۆبوونی مرۆڤە بە خودا دراوە؛ بۆیە

---

[1]- speculative philosophizing

دەبێت لە خودا بسەنرێتەوە و بە مرۆڤ بدرێتەوە بۆئەوەی لەو نامۆبوونە ڕزگاری ببێت. بەدەربڕینێکی تر، سیفەتە مرۆییەکان لە مرۆڤ داماڵراوە و هەمان سیفەت باڵاکراوە و بەخودا دراوە و لە دەرەنجامدا مرۆڤ بەشێوەیەکی ناوەکی هەژار و کڵۆڵ بووە و بەرانبەر سیفەتەکانی خۆی کە لە بوونێکی زەینی و سوبێکتیڤی تردا بەرجەستەبووە کە ئەویش خودایە.

ئەم داواکارییەی فۆیەرباخ درەنگ هاتبوو و لە سیاقە مێژوویی و هەلومەرجە ماتریاڵییەکەی دواکەوتبوو. فۆیەرباخ ئەگەر لە پێگە مێژووییەکەی ئەفلاتوندا بووایە، ئەوا ڕەنگە مێژووی فەلسەفە بەجۆرێکی تر بووایە. بەڵام ئەم ئەگەرە تەواو لاوازە. لەبەرئەوەی فەلسەفەی فۆیەرباخ دەرەنجامی بەلوتکەگەیشتنی تیۆلۆژیی فەلسەفییە و هاوکات وەڵامدانەوە پێش خۆیەتی. ڕێك سیاقە مێژووییەکەی فۆیەرباخ دەرکەوتنی دڕندانەی سەرمایەدارییە بەتایبەتی لە بەریتانیا. ئەوەی کە ژیانی مرۆڤی تاڵدەکرد و تووشی نامۆبوونی دەکرد چیدی خودا و خوداناسی نەبوو بەڵکو کارکردن و پرۆسەی کارکردن بوو لە سەرمایەداریدا. ئەوەی مرۆڤی لە مرۆڤ دادەبڕی، ئەوەی مرۆڤی دەکرد بە دوژمنی مرۆڤ و ئەوەی کێبڕکێی دوژمنکارانەی بەسەر مرۆڤدا دەسەپاند چیدی خودا نەبوو. بەڵکو کارکردن بوو لە سیستەمی سەرمایەداریدا، بە گوێرەی خواستەکانی سەرمایەدارە چاوچنۆکەکان. چیدی ئەوەی مرۆڤی دەترساند پێشبینییە ئاخرزەمانییەکانی یۆحەنا یان باسوخواسی دۆزەخ نەبوو بەڵکو ململانێی بێڕەحمی نێوان کرێکارەکان بوو بۆ دەستەبەرکردنی ژیانی ڕووت.

دەشێت وتەکەی فۆیەرباخ لە مێژوویەکدا کە سەرمایەداری داینەمیک و بزوێنەرێتی بەم شێوەیە دابیرێژینەوە: "وەزیفەی چاخی سەرمایەداری، هێنانەدیی جەوهەری کاڵایی و بەکاڵاکردنی [تەواوەتیی] مرۆڤە – گۆڕین و توانەوەی مرۆڤناسییە بۆ کاڵاناسی".

کاڵاناسی لێرەدا توانج یان مەجاز نییە بەڵکو ڕاوەستانە لە کۆتایی سەرمایەدارییدا و سەیرکردنی مرۆڤە لە کۆتاییەوە بۆ سەرەتا، وەک چۆن لە ئێستادا مرۆڤناسەکان بۆ ئەوەی لە مرۆڤ بکۆڵنەوە و دەگەڕێنەوە بۆ سەرەتاکانی مرۆڤ ئەوا ئەگەر لە کۆتایی سەرمایەدارییەوە مرۆڤناسەکان بیانەوێت لە مرۆڤ تێبگەن و لێکۆڵینەوەی لێبکەن ئەوا دەبێت کاڵا بکەن بە ئۆبێکت و بابەتی لێکۆڵینەوەیان، بۆئەوەی لە مرۆڤ تێبگەن. ئەمەش بەمانای ئەوە دێت لە کۆتایی سەرمایەداریدا

مرۆڤ بەتەواوەتی هاوشوناسی کاڵا بووە و بووە بە کاڵا. بەدەربڕینێکی تر، کاڵاناسی نزیکبوونەوەیە لە دوائیمکانی مرۆڤ و پیشاندانی دوا وێنەی مرۆڤە لەسیستەمی سەرمایەدارییدا. کەشفکردن و باسکردنی کاڵا بە مانای کەشفکردن و شیکردنەوەی ڕەهەندە شاراوەکانی مرۆڤە. لەم پێتەوە دەشێت ڕوونتر لە دڵنیگەرانی، خەم، قەلەقی، هیچگەرایی، پوچی و ... هتد مرۆڤ تێبگەین.

فۆیەرباخ لەدرێژەی باسەکەیدا دەڵێت: "خودا تەنیا ئۆبێکت و بابەتی مرۆڤە و بەس؛ و ئۆبێکتی و بابەتی ئاژەڵ نییە. بەڵام ماهیەت و چییەتیی بوونێک تەنیا لە ڕێگەی ئۆبێکت و بابەتەکەیەوە دەناسرێت". بۆ نمونە، گۆرانیبێژ کە ئۆبێکتەکەی گۆرانییە لەگەڵ قورئانخوێن کە ئۆبێکتەکەی قورئانە؛ ئەوا هەردووکیان لە ڕێگەی ئۆبێکتەکەیانەوە لەیەک جیا دەکرێنەوە. بەم پێیەش ئەوە ئۆبێکت و بابەتە کە ماهییەت و چییەتیی سوبێکت و بکەر دەستنیشاندەکەن. لەم پێتەوە فۆیەرباخ پێیوابوو کە خودا ماهیەت و چییەتیی مرۆڤی وەرگرتووە و لە دەرەوەی مرۆڤ بووە بە بوونێکی سەربەخۆ و باڵا. مرۆڤ لە بەرانبەر خودادا یان باشتر بڵێم مرۆڤ لە بەرانبەر سیفەتە باڵابووەکانی خۆیدا لە بوونێکی تری باڵادا ملکەچ و زەلیل بووە. بۆ فۆیەرباخ ئاگامەندبوونی مرۆڤ بەم پرۆسە و گێڕانەوەی سیفەتە مەعنەوییەکانی خودا بۆ مرۆڤ، بە مانای ڕزگاری مرۆڤ دادەنێت. بەڵام ئەمە تەنیا دەشێت ڕزگارییەکی ئایدیالیستانە بێت.

لەبەرانبەردا، دەشێت وتەکەی سەرەوەی فۆیەرباخ لە ئێستادا، بەم شێوەیە دەستکاری بکەین: "کاڵا تەنیا ئۆبێکت و بابەتی مرۆڤە و بەس؛ و ئۆبێکت و بابەتی ئاژەڵ نییە. بەڵام ماهییەت و چییەتیی بوونێک تەنیا لەڕێگەی ئۆبێکت و بابەتەکەیەوە دەناسرێت". لێرەدا بەر شتێک دەکەوین لە خودا مەلموستر، ڕەقتر و ترسناکتر. شتێک لە خودا بەردەستتر، گەردوونیتر و واقیعیتر. لێرەدا بەر حزووری ناونشینی کاڵا دەکەوین و یەکسەر و بەبێ هیچ بەرەنگارییەک دەکەوینە ژێر ڕکێفییەوە. ئەگەر لە وێنای خودادا لە گەلێکەوە بۆ گەلێکی تر یان لە ئاینێکەوە بۆ ئاینێکی تر یان تەنانەت لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر تێگەشتن و دەرکەوتنی خودا گۆڕانکاری بەسەردا هاتبا ئەوا ئەمە بۆ کاڵا هیچ ڕاست نییە. ئەگەر بۆ خوداکان بکرابا بەشێوەی سوبێکتیڤ و زەینی وەک فۆیەرباخ دەڵێت خۆت لە ژێر ڕکێفیان ڕزگار بکردایە. ئەوا ئەم ڕزگارییە بۆ کاڵا بە شێوەی سوبێکتیڤ و

زەینی بوونی نییە. کاڵا بەپێچەوانەی خوداوە ئاتەیزم و ئیلحاد قبوڵناکات. لە سیستەمی سەرمایەداریدا مرۆڤ ناتوانێت بەرانبەر کاڵا، هەڵوێستی بێباوەڕی و ناملکەچی وەرگرێت.

کەواتە ئەوە مرۆڤە کە ماهیەت و چییەتیی کاڵا وەردەگرێت و کاڵاش ماهیەت و چییەتیی مرۆڤ وەردەگرێت؛ ئەمەش بەمانای ئەوە دێت کە کاڵا لە مرۆڤ وەک بوونێکی ئاگامەند دەسەڵات و سەربەخۆیی دادەماڵێت و تەواو پابەند و مولتەزیمی دەکات بەخۆیەوە، و لەبەرانبەردا کاڵا دەبێتە بوونێکی سەربەخۆ، جادوویی و ئوستورەیی لە هەموو شوێن و کاتێکدا هەیە. مرۆڤ لەڕێگەی کاڵاوە شوناس و پێگە لەناو کۆمەڵدا وەردەگرێت و هاوکات شوناس و پێگەی ڕاستەقینەی خۆی بە کاڵا دەبەخشێت. بەدەربڕینێکی تر، مرۆڤ لەڕێگەی ئۆبێکتی کاڵاوە، دەبێت بە سوبێکتی کاڵا، بەم پێیەش پەیوەندیی نێوان دوو مرۆڤ دەبێتە پەیوەندیی نێوان دوو سوبێکتی کاڵا.

فۆیەرباخ ئاماژە بەوەدەدات کە "تەنیا بوونە یەکسانەکان، ئۆبێکت و بابەتی یەکسانن بۆ یەکتر؛ واتە بوونەکان بە هەمان شێوەی کە لەخۆدا بوونیان هەیە". بوونی یەکسان لێرەدا بەمانای ئەوە نایەت هەردوو بوونەکە یەک شت بن. بەڵکو بە مانای ئەوە دێت کە بوونەکان بەگوێرەی خۆیان و لەسەر بنەمای خۆیان یان لە خۆدا شوناس وەرگرن و پێناسە ببن. لێرەدا ئەگەرچی لە ڕواڵەتدا تارمایی عیرفان دەردەکەوێت بەڵام لە کرۆکدا لە عیرفان دوورە. لە "خود"دا شوناس وەرگرتن بە مانای ئەوەیە نایەت کە بە شێوەیەکی ناوەکییانە تەنیا لە خودی خۆتەوە شوناس وەرگریت و بەڕەهایی ناوەکی ببیتەوە و لە دەوروبەرت داببڕێی بەڵکو پێچەوانەی ئەمەیە. شوناس لە "خود"دا لە ڕێگەی ئەویترە، کە نەبووە بە کاڵا، وەردەگریت و ئەویتر کە کاڵا نییە دان بە بوونتدا دەنێت و خۆتدەناسیتەوە. لە پرۆسەیەکی لەم چەشنەدا پەیوەندی و شوناسوەرگرتن نابێتە کاڵایی. لەم پنتەوە سوبێکتی کاڵا کە مرۆڤی ناو سیستەمی سەرمایەدارییە، سەربەخۆ و لە خۆدا شوناس وەرناگرێت بەڵکو لە ڕێگەی ئەویتری کاڵاوە شوناس وەردەگرێت. پەیوەندیی نێوان دوو سوبێکتی کاڵا، پەیوەندییەکی یەکسان نییە؛ ئەو دوو بکەر و سوبێکتە لەڕێگەی خودی خۆیانەوە لەویتردا پێناسە نابن و شوناس وەرناگرن. بەڵکو لە هەرکامیان بەجیا، پێشوەختە و پێش ئەوەی بچێتە پەیوەندییەوە لەگەڵ سوبێکتەکەی تردا لەڕێگەی ئەویتری کاڵاوە شوناس وەردەگرن و پاشان لەگەڵ ئەویتردا، پەیوەندی درووستدەکەن کە پەیوەندییەکی میکانکی کاڵایی دەبێت. ئەمەش

دەرخەرەی ئەوەیە کە پەیوەندی لە ناو سیستەمی سەرمایەداریدا، پەیوەندییەکی مرۆڤانە نییە بەڵکو پەیوەندییەکی کاڵاییە.

دەسپێک لەلای هیگڵ لە کتێبی "زاستی لۆژیک"دا "بوونی پەتی"[٢]ـە و دیارە بوونی پەتییش بوونێکە کە لە هەموو چۆنییەتیەک و چەندێتییەک داماڵراوە و لە هەموو شت ئەبستراکت بووە. بەم پێیەش دەسپێک لای هیگڵ هیچ پێشگریمانەیەکی نییە[٣] و سەرەتاییترین، بەراییترین، باڵاترین، و داماڵراوترین بوونە کە لەهەموو بوونەکانی تردا هەیە. بەدەر،بڕینێکی تر بوونی پەتی، پنتی هاوبەشی نێوان هەموو بوونە جۆراوجۆر و دژبەیەکەکانە. فۆیەرباخ بە بوونی پەتیی هیگڵی دەڵێت خودا. جارێکی تر لێرەدا دەستکاریی گوزارەکانی فۆیەرباخ دەکەینەوە و دەڵێین لە سیستەمی سەرمایەداریدا بوونی پەتی بریتییە لە "کاڵای پەتی". کاڵای پەتی لێرەدا بەمانای ئەو دوو خەسڵەتە سەرەکییە دێت کە هەموو کاڵایەک هەیەتی کە ئەوانیش بریتین لە بەهای ئاڵوگۆڕ و بەهای مەسرەفکردن. کاڵای پەتی بوونی ئەبستراکتی هەموو کاڵاکانە کە هیچ خەسڵەتێکی چۆنییەتی و چەندێتیی دیاریکراوی نییە. بەڵکو کاتێک وەری دەگریت کە کۆنکرێتی دەبێتەوە و لە شێوەی کاڵایەکی دیاریکراودا دەردەکەوێت. کاڵای پەتی پنتی هاوبەشی نێوان هەموو کاڵاکانە و پێناسەکەر و شوناسپێدەری هەموو کاڵایەکە. لەم ڕووە خودی ئەو شتەی کە لە سیستەمی سەرمایەداریدا بووە بە کاڵا، لە خۆیدا هیچ گرنگییەکی نییە بەڵکو تەنیا لە پێگەی کاڵادا یان وەک کاڵا گرنگە. بەدەربڕینێکی تر، تەنیا بوونی پەتیی کاڵاکان گرنگە نەوەک هیچ شتێکی تری کاڵاکان. لەبەرانبەردا کاڵابوون هیچ پەیوەندییەکی ناوەکی یان ئۆرگانییی بە شتەکەوە نییە و ئەمەش نامۆبوونی شتەکان دەردەخات. دەشێت پیرۆزترین شت یان تەنانەت شتێکی بێزراو و دزێوی کۆمەڵایەتی ببێتە کاڵا. کەواتە کاڵابوون پێوەری ڕاستەقینەی هەڵسەنگاندنی هیچ شتێک نییە."کاڵای پەتی" یان جەوهەری کاڵایی، نەفیکەرەوەی کرۆکی ڕاستەقینەی شتەکانە و ئۆبێکتەکانە

---

[2]- Pure Being

[٣]- لەڕاستیدا هیگڵ خۆی ئەم بانگەشەدەکات و پێیوایە یەکەم کەسە کە لە مێژووی فەلسەفەدا ئەو پرسە بنەڕەتییە ئۆنتۆلۆژییەی چارەسەرکردووە کە بەبێ پێشگریمانە ئۆنتۆلۆژیاکەی خۆی دەستپێدەکات و فۆیەرباخیش پێیوایە توانیویەتی ئەوە بکات بەڵام دواتر لەلایەن فەیلەسوفانی ترەوە ڕەخنەدەکرێت کە بەو جۆرە نییە و دەسپێکی هیگڵیش پێشگریمانەی هەیە. بەڵام ئێمە لێرەدا لە تێگەی فۆیەرباخەوە باس لە دەسپێکی هیگڵی دەکەین.

و بەربەدەرکەوتنی جەوهەری شتەکان و ئۆبێکتەکان دەگرێت. لە سیستەمی سەرمایەدارییدا ئۆبێکتەکان و شتەکان تەنیا لە پێگەی کاڵادا بەهایان دەبێت و شتێک کە نەبێت بە کاڵا هیچ بەهایەکی نییە و بگرە بوونیشی نییە.

دوا وتەی فۆیەرباخ کە لێرەدا ئاماژەی پێبدەین ئەوەیە "بوونی مرۆڤ پەیوەندیی هەیە بە بوونی ئۆبێکت و بابەتەکانیەوە؛ ئەگەر ئێوە هیچ ئۆبێکت و شتێکتان نەبێت ئەوا هیچ بوونێکتان نییە". دەشێت ئەمەشی بۆ زیاد بکەین کە شت و ئۆبێکت لە سیستەمی سەرمایەداریدا تەنیا وەک کاڵا یان لە پێگەی کاڵادا بوونی هەیە. لێرەوە دەشێت بگەین بە بنەڕەتێکی ئۆنتۆلۆژیی سیستەمی سەرمایەداری کە ئەویش بریتییە لە؛ کاڵات هەیە کەواتە بوونت هەیە". لەسەر ئەم بنەڕەتە مرۆڤ لەناو سیستەمی سەرمایەدارییدا هەڵدەسەنگێنرێت بەم شێوەیە تا کاڵات زیاتر بێت زیاتر بوونت کاڵایی دەبێت و تا زیاتر بوونت کاڵایی بێت ئەوا گرنگتر و پێگەی کۆمەڵایەتیت بەرزتر دەبێت.

دواجار وەک مارکس ئاماژەی پێدەدات "لەگەڵ لەناوچوونی هەموو پەیوەندییە نەگۆڕ و چەقبەستووەکاندا، قەتارەی کۆنی دەمارگیری و باوەڕە پیرۆزەکانیشیان لەناودەچێت [وپەیوەندیی تازە درووستدەبێت] و هەموو پەیوەندییە تازە درووستبووەکان پێش ئەوەی [بەشێوەیەکی نوێ] پتەو و جێگربن، خەسڵەت و تایبەتمەندیی کۆن وەردەگرن".

لێرەدا بەڕوونی ئەوە دەردەکەوێت کە سەرمایەداری ناتوانێت بەهای نوێ و جێگیر دامەزرێنێت و هاوکات بەها کۆنەکانیش ناجێگیر و شلدەکاتەوە کە چیدی ناتوانێت وەک پێشتر کۆمەڵگا ئاراستەبکات. لەم پنتەوە کاڵا ئەگەرچی بەشێوەیەکی ئۆبێکتیڤ شوێنی خودا دەگرێتەوە، بەڵام ناتوانێت بەتەواوەتی ببێتە ئەڵتەرناتیڤی خودا، بۆیە خودا دەگەڕێتەوە بەڵام لە فۆرمی کاڵا و پەیوەندیی کاڵاییدا.